# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٠٨) لە ٢٠٢٣/٤/٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٦) لە ٢٠٢٣/٤/٥، و لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و بەدواداچوونی بەردەوامی حکومەتی هەرێم بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٣ لە دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی نوێنەران و کەوتنەبواری جێبەجێکردن، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی گشت وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە هەرێم بەپێی تایبەتمەندی بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندیی و هەماهەنگی لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵی و بەشداریی کاریگەر لە داڕشتنی ڕێکار و میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٤/٤ لە بەغدا واژووکرا و هەروەها ئامادەکاریی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددە و بڕگانەی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستان.

٢. پێویستە لەسەر گشت وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە نزیکترین ماوەدا تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة) بۆ سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ ئامادە بکەن بەپێی ئەو فۆرم و خشتە و ڕێنماییانەی کە پێشتر لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری گشتاندنی بۆ کراوە و هاوتایە لەگەڵ کارپێکراو لەلایەن حکومەتی فیدراڵی.

٣. ڕاسپاردنی شاندی هەرێم بۆ ئەوەی سەردانی بەغدا بکەن بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ شاندی حکومەتی فیدراڵی لەبارەی پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی.

٤. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**